THE IRANIAN KURDISH WRITERS ASSOCIATION

DEN IRANSKKURDISKE FORFATTER FORENINGEN

کانوونی نووسەرانی کوردستانی ئێران

# ئاگاداری

کانوونی نووسەرانی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی داخ و کەسەر و دڵەڕاوکێی بێ سنوور سەبارەت بە گیرانی نووسەر و رۆژنامەوان بەڕێز عەدنان حەسەنپوور، کە لە بەیاننامەی رێکەوتی 13.2.2007 ی زایینی کانوونیشدا هاتوە، پشتگیری تەواوی خۆی لە هەوڵی سەندیکای رۆژنامەوانانی کورد کە لەم بەیاننامەی خوارەوەدا هاتوە دەکا و هیواداره ئەو هەوڵانە بە زووترین کات بگاتە ئەنجام.

## دەقی بەیاننامەی سەندیکای رۆژنامەوانانی کورد

"رۆژنامەوانان، نووسەران و رۆشنبیرانی هێژا !
ئێمە سە ندیکای رۆژنامەوانانی کورد – ئامادە ی رێککەوتن- لە سەر گیرانی لە ناکاوی عەدنان حەسەنپوور رۆژنامەوان و نووسەری چالاکی کورد لە شاری مەریوان ، نارەزامەندی و دڵەراوکێی خۆمان بەم چەشنە رادەگەیەنین و داوا لە هەموو لایەک دەکەین کە حەولی خۆیان رێکخەن بەداشداری و چاوەدێری‌یەکی یاسامەند و بە ئاشکرا بە سەر چۆنیەتی دادگایی کردن و بەرێوەبردنی کارەکانی ناوبراودا!
هەروەها بەناوی ئەو ئیمزایانەی خوارەوە داوای ئازادبوونی هەرچی زووتری عەدنان حە سەنپوور وکۆتایی هێنان بە هەرچەشنە توند و تیژی‌یەک دەکەین لە دژی رۆژنامەوانان ، نووسەران و رۆشنبیران کە لەم رۆژانەدا شەپۆلێکی نوێی توند و تیژییان بە سە ر دابراوە."

کانوونی نووسەرانی کوردستانی ئێران

15.2.2007ی زایینی

Www.kurdishpen.org

Adresse:
postboks 1128
Sentrum
0104 Oslo

Organisasjons nr:
988 216 879

Leder:
Ali Azad Rostami

Tel:
(+47)66919132

Mobil:
(+47)92496919

E-post:
Knk_rojhelat@yahoo.com